# نا ڵەی دەروازەی ڕاپەڕین



خالید ڕانیەیی هۆڵندا

کوا بەڵێنە کانی پێتان داین سەرکردا یەتی سیاسی کوردوستان .
لێرە دا ئەمەوێت جەندیین شت بخەمە روو کەناهە قی ئەکەن بەرانبەر شارەکەمان کە هەمیشە دەست پێشخەری خەباتوو ڕاپەڕین بووە .
کەهەمووکات ڕۆڵەکانی کردووە بەقوربانی خاکو وولاتو ڕزگاری خاکی کوردوستان ئەوەش ئەوڕاستیە ئەسەلمینێت کەلە مێژووی کوردوستاندا ڕانیە دووجار شەرەفی دەروازەی بەدەست هێناوە
1 - لەسەردەمی عوسمانیەکان هەرلە دەربەندی رانیەوەعوسمانیەکان تێکشکان نوو لە دوایدا خەلکی کوردوستان لێ یان هاتنەدەستوو وەدەریان نان لەکۆردوستان
ڕانیە بەکردنەوەی ئەودەروازەیە بووبە سەبەبی وەدەرنانی داگیرکەران لەکوردوستان و کردنەوەی دەروازەیەک بەڕووی پێشمەرگەکانی ئەوسای کوردوستان.
2- لەکاتی داڕ شتنی بەرنامەی ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991 کە هەمووسەرکردایەتی بەرەی کوردوستان لەسەری پێک هاتبوون کە 3/7 زەماوەند بکەن .
بەلام هەروەک چۆن کەئەڕۆی بۆشایی کە دەنگی دەهۆڵو زورنا دێت بە گوێجکەتا هەنگا وێک ئەکەیت بە دە هەنگاوبۆ گرتنی سەرچۆپیەکە .
بەپەلەبوین ئاواش ئێمە بۆ وەرگرتنی دووەم شەرەفی دەروازەی ڕاپەڕینی بەهاڕی 1991
بەوەگرتنی ئەوشەرەڤە بوین بە خاوەنی ئەو سەرچۆپیە کە بانگەوازی زەماوەندیان بۆ ئە کردو و لە کەرکووک سەرجۆپیەکەمان گیرسایەوە.
هەربۆیە لەمانگی 1991/2 رۆڵەکانی ئەم شارە کەئێ ستا ئەومانگە نەهاتبوو کە بەرەی کوردوستانی بەرنامەی بۆدا ڕشتبوو بۆڕاپەڕین بۆ یەک جارەکي روبان لەشاخ کردو کێوەڕەش بوو بە پاڵ پشتیان کە لەهەر چواردەورەوە ڕۆژانە چەندین هێرشیان بۆ ئەکراو قارەمانانە لێیان ئەهاتنە دەستووپاش شەڕێکی قورس دووژمن بەسەرشۆری ئە گەڕایەوە .
تاکو ڕۆژی 3/5 کە هەروەک چۆن کووردەواری ئەڵێت کەجام پڕبو لەسەریەوە ئەڕژێت بەلام بەڕاستی وایەچونکە ڕقیتۆڵەو چەوسانەوەی ژێر دەستی داگیرکەران وای کرد کە خەڵکی ڕانیە ئۆقرەیان نەماو بەرەبەیانی3/5 ڕژانە سەرجادەکانوو دەستیان بەڕاپە ڕین کردو دەروازەی دووەمیان بۆخۆیان تۆ مارکرد.

ئنجا لەدوای شەوورۆژێک سەرجەم ئەوپێشمەرگانەی کە تینوی ئازادی بوون هاتنە ناوشاری ڕانیە ئەویش بەهاوکاریخەڵکی ڕانیە کەچەند سەیارەیەکیان بۆناردن.

ڕادوێی دەنگی گەلی کوردوستان بۆ یەکەم جار کە لەشارەکانی کوردوستان بەرنامەی خۆی پەخش کرد لەرانیەبوو.

دیارە ئەوکات هیج بەڵێنیان پێنەداین جونکە کەس نەی دەزانی مەسیری ئەم خەڵکە بۆکوێ ئەجێت .

یان بڵێین کەس خاوەنی هیج نەبوو چونکە ڕژێمێکی ئاوا درندە چاوەڕوانی زۆرشتی لێ ئەکرا.

بەڵام لەدووای 1993 تاکو ئیستا زۆرشتمان بەرگوێ کەوت هیچیان نەهاتنەدی یەک لەوانە چەندین جار ناوهێنانی ڕانیە بوون بە پارێزگای ڕاپەڕین.

کەخەڵکی ڕانیە خەونی پێوەئەبینێت هەرئەوکاتەش چەند خەڵکێکی ئەوشارە توشی زەرەدی مادی بونە وە چەندین کەسیش دەوڵەمەند بوون چونکە یەکسەر خانوو زەوی دووبەرابەر نرخیان بەرزبۆوە کە تەنیا قسەبوو بەس.

ناڵێین هیج نەکراوە جێگای دەست خۆشیە شت کراوە بۆ رانیە بەڵام هێشتاماوە بۆشارێکی وەک ڕانیە ئەوەی کراوە لەئاستی شارەکە دانیە .

گەر خەڵکانی دڵسۆزی شارەکە نەبێت 3/5 کەس باسی ناکات. ئەوڕۆژە پیرۆزە ئەبوایە بەڕێزگرتن لە خەڵکی دەروازا لەسەرتاسەری کوردوستان پشووی ڕسمی بوایە . یان کەباسی لێ ئە کەن مێژووی شارەکە مە شێوێنن ڕاستی یەکان چۆنن ئاوا باسی بکەن, ئەوەتا بەرێوبەری پەیمانگای هونەرەجوانەکان باس لە نەبونی جێگاوڕێگا ئەکات لەبەرنەبونی جێگا تەنیا لەدووبەش

25 قوتابی وەرئەگرین بۆسالێ نوێی خوێندین 10 قوتابی لەبەشی مۆسیقا وە 15 لەبەشی شێوەکاری.

ئەی ئەوانەی باقی ئارەزووی مۆزیکوو شێوەکاریان هەیە چیبکەن؟؟؟؟؟؟؟؟

ئایە ڕانیە هێندە بچوکە واپشت تان تێ کردووە.

کە مێژوویبە قەزابونی ڕانیە ئەگەڕێتەوە بۆ 1789 واتا لەزەمانی عوسمانیەکانەوە( ڕانیە قەزایە)بۆیەبەسەرکردایەتی سیاسی کوردوستان گەربە بەخزمەت بێت ئەوە( ڕانیە)ڕۆژێکی تۆمارکردووە خەڵکی کوردوستان کەهەرگیز لەبیری ناکات.

کەلەسایەی خوێنی شەیهدەکانی کوردوستان و ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991 کە ئێستا کۆمەڵانی کوردوستان ئازادی وەرگرتووە.

خۆ ئەگەر بەتەمەنیش بێت ئەوە تەمەنی قەزایەتیمان تێپە ڕیوەکە ببین بە پارزگا هەقێکی قانونی خۆمانە.

بەدی هێنانی بەڵێنەکانتانە بۆشاري( رانیە)چونکە خەڵکی( ڕانیە) چاوەڕوانی سەرکردایەتی سیاسی کوردوستان ئەکات بۆ ئاوو ڕدانەوەیەکی خزمەتگوزاری کەخەڵکی ڕانیە خۆیان بەقەرزداری سەرکردایەتی سیاسی کوردوستان بزانن.

نەك سەرکردایەتی سیاسی کوردوستان بەقەرزدار بزانن بەرانبەر بە( ڕانیە ی دەروازەی ڕاپەڕین)

جونکە ئێستا سەرکردایەتی سیاسی کوردوستان بانگە شەی ئەوەئەکات کە کورد ستان ئازادەو پێش کەوتنی بە خۆیەوە بینیوەو بەرەو مەدەنیەت ئەڕوات ئێمە دەست خۆشیتان لێ ئە کە ین زۆرشت کراوە ڕاستە بەڵام؟؟؟؟؟؟

خۆتان شاهید بن کەزۆربەی زۆری کاربەدەستان ناسنامەی وڵاتێکی دووەمیان لەگیرفان دایە

لەچی یاسای چ وڵاتێکدا هەیە یاخود بینیوتانە و هەیە جامیعە 100 کیلۆمەتەر یاخود 160 کیلوماتەر لەقوتابی دووربێت یان قوتابی بۆ پشووی ئێواران شوێنێکی گونجاوی نەبێت کە وەچانێک

بدات  كە تەنیا لەناوشاری ڕانیە   یەک پاڕک هەیە ئەویش بێخزمەتیوو کۆنی پاڕکەکە  وای کردووە کە جێگای کەس نەبێتەوە ئەوەندەکۆنە کەس نازانێت کێ دروستی کردوە .

وەتاکو نەخۆشی کولێرەش بڵاو نەبۆوە کەس بیری لە سەرگرتنی سەرچاوەی ڕانیە نەکردەوە دیارە بە هیچ شێوەیەک پێمان خۆش نییە ناخۆشی بەسەر وڵاتەکەمان دابێت. هەروەک چۆن بوین بەدەروازەی ڕاپەڕین بۆئازادی ئاواش هەمیشە ئەبین بەدەروازەی خۆشەوەستی بۆ گەلوخاکەکەمان وەیەک ڕیزیوتەبایی سەرکردایەتی سیاسی کوردوستان.

چونکە لەسەردەمی دوژمنانی گەلەکەمان چەندین کەسایەتی و ڕۆڵەی شارەکەمان لەدەست چووە ئێستاش کەلێ نیان  پڕنەبۆتەوە. بۆیە داوا لەسەرکردایەتی سیاسی کوردستان ئەکەین ئەوەی ئێمە پێیوەی ئەناڵێنین مانەوەی ڕانیە وەکوو قەزا بۆگەیشتن

بە پارێزگای ڕاپەڕین  چونکە ئەوناوە خۆتان پێتان بەخشیوەو هەر خۆشتان ئەتوانن خزمەتگوزاری بۆ دابین بکەن  بۆمان بکەن بە پارێزگا  ئەوخەونەمان بهێننەدی.

22/09/2007